ئیبراهیم ئەمین باڵدار

# ئەلف و بێ ی نوێ



ئیبراهیم ئەمین باڵدار

# ئەلف و بێی نوێ

## بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی



لقمان احمد خضر

Luqman4it@gmail.com

www.facebook.com/Luqman4it



دار

دار ، دار، دار



دارا

دارا ، دارا ، دارا



# دارا ، دارا
# دار ، دار





دار

دارا داری دی ،
داری دی دارا .



ی
داری دی



# داو

وی ، وی ، داو ،
داوی دارا، داو .





دارا

وەرە دەرەوە ، دارا

وەرە ، وەرە ،

دارا ، وەرە دەرەوە.






دوو دار

دارا دوو داری دی ،

دوو دار ،

دوو داری دوور دوور .





وازی
زارا ، زارا ،
وەرە وازی ،
زوو وەرە ، زوو.





# دۆ


داده ، دۆ ، دۆ.
وەرە دارا ، وەرە ،
داده دۆی زۆرە .
دەی ، زوو وەرە ،





# ئاو

ئای ، ئای ،
دۆی دادە ئاوی زۆرە .
ئۆی ، ئۆی، دارا ،
دۆ ئاوی   زۆرە.







# داده

داده ، داده ،

وەرە دەرێ .

ئەوە ئازادە ، دۆی دەوێ .

ئێ ، ئێ ، دارا .

داده وا دێ .





# ڕاو

زەردە ، زەردە    وا ڕاوە ،
دەی ، دەی ،
وا ئازاد ڕۆی



ئۆی ، زەردە دەوەڕێ .
زەردە دڕە .
زەردە زۆر زۆر دڕە .





دۆ ڕژاوە

● ئازاد ، ئازاد ، وەرە ژووری
وا دۆی دادە ڕژاوە .
– ئۆی ، ئەوە دوو ڕۆژە
دۆی دادە دەڕژێ .






## زریزە

- ئای ، ئەوەی زریزەی دیوە ،
زریزەی ئازاد ؟

– وەرە ، وەرە ، دارا ،
ئەو زریزە زیوە زریزەی ئازادە ؟

- ئەی ، ئەی ، ئەوە زریزەی ئازادە .





## داری درێژ

زارا ، وەرە ئێرە ،
وا ئەو دارە درێژە ڕوواوە .
دەی زارا ، زوو وەرە ،
ئەو دارە درێژە وا ڕوواوە .





# ئاودان

زارا و ئازاد وا دەڕۆن ،
ئاوی ئەو دوو دارە دەدەن .
ئەو دوو دارە زوو دەڕوێن ،
زوو زوو ئاو دەدرێن .



ن
ئاودان





نازێ

دایە ، ئەوە نەوزادە .

وا دەڕۆینە ناو ئەو دارانە .

دەڕۆین دار دەڕوێنین .

ئۆی ، نازێ ، دار دەڕوێنن ؟

دیارە ئێوە زۆر ئازان .

زوو وەرنەوە ، زوو .



نـ

نازدار



## دار دەڕوێنم

● دایە ، وا ئەم دوو دارە دەڕوێنم ،
دوای ئەوە ، ئاویان دەدەم ،
— وەرە نازێ ، وەرە ،
وا دەڕوێن ، زوو وەرە
● وا دێم دایە ، وا دێم ،
ئەم دوو دارە دەڕوێنم ،
دوای ئەوە دێم .





مەڕە زەرد



ما ، ما ، ما ،

مامە ، مامە ،

ئەم مەڕە زەردە ،

مەڕە زەردی منە ،

وا دەڕۆم ئاوی دەدەم ،

دوای ئەوە دێمەوە .



مـ

مەڕی من




## مێوژی نایاب

• ئەمەیە مێوژ ، مێوژی نایاب .

– مام زۆراب ، مام زۆراب ،
مەڕۆ ، مەڕۆ ، مێوژم دەوێ .

• زوو وەرە زەینەب ، زوو ،
دەی وەرە ، ئەمەیە مێوژی نایاب



ب

زەینەب



بەبەی زەینەب


• زەینەب ، وەرە ، وەرە
مامە بەبەی بۆ ناردووی .
– مامە ببەی بۆ ناردووم ؟
بژی دایە ،
بژی بابە ،
بژی مامە .





## باران دەبارێت

ئای نەوزاد ، وا باران دەبارێت ،
ئەمڕۆ ئاو زۆر دەبێت ،
بە باران دار زوو دەڕوێت .
بنوارە مام زۆراب ، وا دەڕوات
دەڕوات بۆ بازاڕ ، مێوژ دێنێت



ت

باران دەبارێت



## تەیارە

بنوارِن ، تەیارە ، تەیارە .
تەیارەی واتان دیوە ؟
وا دەیبەمە ناو ئەو دارانە .
ئەوەی زوو دیتیەوە ،
دەبێتە تەیارەی ئەو .
ئازاد تۆ دەتوانی زووتر بیدۆزیتەوە ؟





## ووس بە

- ووس ، ووس ، دارا ، بنواڕە ئەو تەیرانە
  ویس ، ویس ، ویس
- ئای ، ئای ، ئازاد ، وەرە ،
  ئەم تەیرانە بەرە .
- ووس بە دارا ، ووس ، وازبێنە ،
  بەس ئەوەندە ئازاری تەیر بدە .





## سێو

• ئازاد ، سێ سێوم بۆ بەردەوە .

– ڕاوەستە نەسرین ، با بەرنەبمەوە ،

ئێستا سێ سێوان بەردەدەمەوە ،

ئەوە سێوێ ،

ئەوە دوو سێو ،

ئەوە سێ سێو ،

سێوی دیت دەوێ ؟

• بەسە ، بەسە،نامەوێ

سـ

سێو



## ڕۆژ باش


- ڕۆژباش بابە .
- ڕۆژ باش ، نەسرین .
- بابە ئەوە دەڕۆی ؟
منیش بێم ؟
- نەسرین ، ئێستا بۆ ئیش دەڕۆم
ئێوارێ دوای ئیش دێمەوە ،
ئەوسا دەڕۆین بۆ دەرەوە .





## شووشه شیر

بنوارِنه ئەم شووشه شیره ،
شیری مەڕە زەردی منه ،
شیری مەڕە زەرد شیرینه .
وەرن دانیشن ، شووشەی واتان دیوە
ئێستا دەڕۆم دەیشارمەوە ،
دەیدەم بەوەی بیدۆزێتەوە .




ش

شووشه



## شەڕە مریشک

ئای بابە ، بنوارە ،
وا دوو مریشک شەڕیانە
دوو مریشک وەک یەک ئازان ،
با تۆزێک نیسک بەم بۆیان
ڕاوەستن ، شەڕە دەنووک بەسە .
ئێستا نیسک دەدەم بەئێوە .





## کەوی من

دایکە ، دایکە ،

وا توتکە سوور و کەوی من یاری دەکەن .

کوت ، کوت ، توتکە سوور ،

نەکەی ئازاری کەوی من بدەی .


ئای ، وا کەوی من توتکە سووری ڕاونا ،

کەوی من کەوێکی ئازایە .

کش ، کش ، کەوەکە ، بەسە وازبێنە .

ک

کەو





## یاریی تۆپ

• نەسریم ، ئەوە یەک تۆپ بۆ تۆ.

تەپ ، تەپ ، تەپ .


– ئەی تۆپ بە من نادەی ، بابە ؟

نەوزاد ، ئەوەش یەک تۆپ بۆ تۆ ، باشە ؟

• بژی بابە ، بژی بابە ،

ئەمڕۆ دوو تیپ یاری دەکەین ،

دوو دەستە یاری بە یەک تۆپ دەکەین.



پ

تۆپ



## پشه سپی


پشه سپی ، پش ، پش ، پش .


میاو ، میاو .

وەرە پێشەوە ، مەڕۆ .

ئەم پەنیر و نانە دەدەم بەتۆ .


میاو ، میاو .



زوو وەرە ، پشە سپی ،

تۆ پشەی منی ، نەترسی .

پ

پشه سپی



## سێ سەگ

● ئای ، نەوزاد ، وەرە

وا سێ سەگ یەک کەروێشک ڕاودەنێن .

پرشنگ بانگ بکە ، وا بۆ ئێرەوە دێن،

دەنگ مەکە ، با بێن .

— پرشنگ ، پرشنگ ، وەرە سەیرکە ،

وا سێ سەگ یەک کەروێشک ڕاودەنێن ،

زووکە ، وا بۆ ئێرەوە دێن .





## کارە سپی

گدی ، گدی ، کارە سپی ،
تۆ من ناناسی ؟
گیات دەدەمێ گیا ، نەترسی ،
گدی ، گدی ، گدی .
دایە گیان ، کارە سپی بگرە ،
ڕەنگە بڕوات ، زووبە .
کارە سپی ، مەڕۆ ،
ئەم گیایە دەدەم بەتۆ .





## مەل

● ئای نەسرین ، بنواڕە مەل ،
وا بە ئاسماندا پۆل پۆل دەڕۆن ،
ئەوە یەک پۆل ،
ئەوە دوو پۆل .
– نەوزاد ڕەنگە ئەوانە مراوی بن ،
بۆیە وا مل درێژ و زل زل دیارن .




ل
مەل



## بلوێر لێدان

بەزمە ، سەما و سترانە ،
دەی ئازاد ، بلوێر لێدە ، سەیرانە ،
بلوێرەکە باش لێدە گیانە .
لەم ناو لمە سەما و سترانە ،
بژی ئازاد ، بۆ ئەم بلوێر لێدانە ،
دەی ، دەی ، بۆمان لێدە گیانە .





## هێلکە

• نەسرین ، بنواڕە ئەم هێلکانە ،

ئەم هێلکە زەرد و سوورانە

– دارا گیان ، یەک هێلکەم بۆ بهێنە

• وا بۆت دەهاوێژم بنواڕە .

– هەی ، هەی ، نەکەی بیهاوێژی .

• باشە نایهاوێژم ، نەترسی .

– هەر بژی دارا ، هەربژی.

ه


هێلکە






# ئاوازی گوڵ

• هۆ هۆ ، کاکەی شمشاڵ ژەن گیان ،
ئاوازی هەی گوڵ لێنادەی بۆمان ؟
وا بە بێڵ ، گڵ هەڵ دەکەنین ،
نەمامی دار گوڵ دەڕوێنین .
– باشە شمشاڵ لێ دەدەم بۆتان ،
ئێوەش بە بێڵ ، گڵ هەڵ کەنن ،
نەمامی دار گوڵ بڕوێنن .





## کاڵەک

• دارا ، دارا .

– بەڵی بابە گیان ، بەڵێ .

• وەرە ، ئەم کاڵەکەت بدەمێ ،
بە دایکت بڵێ ، بۆت لەت بکات
تۆکڵەکەی باش پاک بکات ،

– سوپاست دەکەم بابە ،
بۆ ئەم کاڵەکە نایابە .






## کۆتر و ڕیشۆڵە


• تەق ، تەق ، تەق .
نەسرین ، ئەو دەرگایە بکەوە ،
وا کۆتر و ڕیشۆڵەم بۆت هێناوە ،
سوپاس ، سوپاس ، بابە گیان ،
هەندێ سلق ووردکەم بۆیان ؟
• بەڵێ ، بەڵێ ، ناسکۆڵێ ،
لەگەڵ نانە ڕەق بۆیان دانێ .





## کەڵەباب و قاز

کەڵەبابە ڕەنگینە ،
بە قایم بقووقێنە ،
ئەو قازانە ببەزێنە .
دەی ، ئەوە بۆ ناقوقێنی .
ئەو قازانە ببەزێنی ؟
قازەکان ، وەرن بقیڕێنن ،
ئەم کەڵەبابە ببەزێنن .



قی ، قی، قی  قوو ، قوو ، قوو.
ها، ها ، قایم نەبوو.

قـ

قاز



## دیلانێ

- گەلاوێژ گیان ، ئەوە دیلانێ دەکەی ؟

– ئازاد ، ئەی تۆ دیلانێ ناکەی ؟
وەرە لام ، من پاڵدە ، زووکە ،
دوای من ، تۆش دیلانێ بکە .

- باشە ، وا هاتم ، باش دەست بگری ،
بۆ ئەم لاو ئەولا نەڕوانی ، با نەکەوی .




**لا ، ـلا**

**گەلاوێژ**



## کەف

• ئۆف ئازاد ، ئۆف ،
من بە تۆم گوت ، کوڕێکی باش بە ،
یاری بە کەف مەکە ،
تف لەسەر زەوی مەکە ،
– لێم ببوورە ، دایە گیان ،
لەمەولا یاری بە کەف ناکەم ،
تف لەسەر زەوی ناکەم .



ف
کەف



## فڕفڕۆکە

• ئەها دایە ئەم فڕفڕۆکەیە ،
من دروستم کردووە ، سەیرکە .
– ئافەرین دارا ، بیهێنە .
• فەرموو دایە گیان ، بنوارە
– ئافەرین ، زۆر باشە ،
دانیشە کفتەم بۆ لێناوی ، کفتە ،
بۆت بێنم دوانی گەورە ؟
• سوپاس دایە ، یەک کفتەم بەسە .



ف

فڕفڕۆکە



کەو

قاقبە قاقبە قاق .

منداڵان ، ڕاکەن ، وەرن ،


ئەو کەوە بەرەڵا بووە ، بۆم بگرن ،

دەی ، بڵاو بڵاو بوەستن .

ئازاد گیان ، تۆش ڕاکە ، زووکە ،

نزیک ئەو گەڵا و دارانە بۆی بوەستە ،

بەڵام ، یاری لەگەڵدا مەکە .





مرۆڤ

گڤ .. گڤ ..

• ئای ئازاد ، گیانە ،
ئەوە بەرد دەهاوێژی بۆ ئەو کۆترانە ؟
تۆ نەتگوت ، مەل بەستەزمانە ؟
برام ، مرۆڤ وا ناکات ،
مرۆڤ ئازاری مەل نادات .
– نەمزانی ، نەسرین گیان ،
ئیدی بەرد ناهاوێژم بۆیان .



ڤ

مرۆڤ



## گڤە گڤی با

وەرە ئازاد ، وا ڤرە ڤر دێت ،
ڕەنگە ئەوە دەنگی ئۆتۆمبێل بێت .
– نازێ ، ئەوە بایە گڤە گڤی دێت ،
ڤرەی ئۆتۆمبێل وا نابێت ،
ڕەشەبا ، کە هەڵ دەکات ،
وەها بە توندی گڤەگڤ دەکات .



ڤ

ڤرەڤر



## نانی ساج

نەسرین ئارەزووی کارکردن دەکات ،
وا نانی ساج دەکات ،
یارمەتی دایکی دەدات .
دارا قنج دانیشتووە ، سەیر دەکات ،
سەرنج لە دەستی نەسرین دەدات .
لەولاوە زەینەب پێ دەکەنێت ،
دەڵێ ، وا دایک پڵاوی برنج لێ دەنێت .





## جووجەکان

جیک ، جیک ، جیک .

ئای ، جووجە جوانەکان ،

وەرن ، وا جۆم هێناوە بۆتان .

جیک ، جیک ، جیک

ڕاوەستن ، وا دێم بۆ لاتان ،

ئەوسا دەیدەم بە هەمووتان .

جووجەکان ، دەنووک نەدەن لە پەنجەم ،

بەشی هەمووتان دەدەم .





## مام وورچ

ئای نەوزاد ، وەرە بنوارە وورچ ،

ئەو ناوە پڕ بووە لە کوڕ و کچ .

مام وورچ لەسەر یەک قاچ وەستاوە ،

دەوری بە کوڕ و کچ گیراوە .


– ڕاست دەکەی ، ئەوەتا هەستاوە ،

کوڕ و کچ دەوریان داوە .

هیچ کەس نەماوە لە کوڕ و کچ ،

هەموو هاتوون بۆ سەیری مام وورچ .





## چالاک

• چۆنی چالاک ، چاوەکەم ؟

– چاکم بابە گیان ، سوپاست دەکەم .

• ئەوە بۆ کوێ دەچیت کوڕەکەم ؟

– دەچم سەیری ئەو بەچکە گچکەیە دەکەم .

• نەچی چالاک ، نەچی ،

ئەو بەچکەیە سرکە ، نزیکی نەکەوی

وەرە با بچین بۆ ناو ئەو گوڵانە ،

بۆلای ئەو چۆلەکە جوانانە .



چ

چالاک



شاخ ی

ئازاد ، بنوارە قەدی شاخ،
بنوارە دیمەنی جوانی ناو باخ
وا دوو بەرخ یاری دەکەن ،
بەپێ بەرد و زیخ فڕێ دەدەن .
ـ ڕاستە وا ڕا دەکەن .پخ ، پخ ، وانەکەن.
ئازاد ، پخ پخ نەکەی ، دەترسن ،
ڕادەکەن بۆ ناو شاخ ، بزر دەبن .



خ
شاخ



نەسرین خان

• بەخێر هاتی یەوە باب گیان .

– خۆش بی نەسرین خان .

• ئەوە خەریکی چیت کچی جوان ؟

– خەریکی خوێندنەوەم بابە گیان .

• ئافەرین نەسرین خان ،

وا خورمام هێناوە بۆتان ،

هەستە بیخۆ لەگەڵ ماست و نان


– سوپاس بابە گیان ،

هەر خۆش بیت بۆمان .




خ

خورما



## گا بەڵەک

وەح ، وەح ، گا بەڵەک ، لاچۆ ،
نەچیتە ناو ئەو گوڵانەم ، بڕۆ .
گایەکی بڵح مەبە ، وازبێنە ،
خێرا بڕۆ ، لێرە مەمێنە .
من وا یاری بە مزراح دەکەم ،
پاسەوانی ئەم گوڵانە دەکەم ،
بڕۆ ، با ئەم گوریسەت لە مل نەکەم .





## گوڵ و ڕێحانە

• ئازاد ، بنوارە ئەو حەوزە جوانە
دەوری پڕە لە گوڵ و ڕێحانە .
حەزدەکەی ، بچینە لایەوە ،
تاکو ماندوومان بحەسێتەوە ؟
– بەڵێ ، منیش حەز دەکەم بچین
سەیری گوڵ و ڕێحانە بکەین .
هەندێک حەڵواش دەبەین ،
لەوێ بەیەکەوە دەیخۆین .





## بەرخ



با .. ع ، با..ع

• نەسرین ، ئەو بەرخانە چەند جوانن ،
سەیرکە ، وا بۆمان دەڕوانن .
ئەوان لە دوو نەوع تێکەڵن ،
حەوتی سپی و ، هەشتی ڕەشن ،
دەزانی هەموویان چەندن ؟
– هەردوو نەوع پازدە بەرخن ،
حەوتی سپی و ، هەشتی ڕەشن



ع
باع



## عەلی شیش

• عەلو ، عەلو ، عەلی شیش

علیو ، علیو ، علیو

– نەوزاد ، وازبێنە لەو عەلی شیشانە ،

وەرە ، بڕۆین بۆ ناو ئەو عەردانە ،

لەوێ هەندێک پەپوولە بگرین ،

بەیانی بۆ مامۆستا عەزیزی بەرین

• ئازاد ، بەیانی جومعەیە ،

ڕۆژی جومعان کوا مەکتەب هەیە ؟





## قەلە ڕەش



قغ ، قغ ، قغ .



بابە ، بنوارە قەلە ڕەشەکە ،
چۆتە سەر قەراغ ئاوەکە ،
خەریکە خواردن دەخوات
سەگەکەی من وا پەلاماری دەدات
چغ ، چغ ، سەگەکە ، نەکەی ،
پەلاماری ئەو قەلە نەدەیت .

غ
قەراغ



## غارغارێن

ئەو سوارانە غارغارێن ، دەکەن ،
بە شیر و قەڵغانەوە غار دەدەن .
قەڵغان وەک ساج وایە ، تیغ نایبڕێ ،
بۆ شەڕەشیر بەکاردێ .
وا سوارێک پێش هەموویان کەوتووە ،
سواری وولاغێکی ڕەش بووە ،
هەموویانی بەجێ هێشتووە .






ئـ
ئەستێرە
د
بەرد
ف
کەف
هـ
هەرمێ
ا
داو
ر
دار
ڤ
مرۆڤ
ە
دەستەسڕ
ب
کەباب
ڕ
فرفرۆکە
ق
شەق
و
چاو
پ
تۆپ
ز
قاز
ک
دەنووک
ۆ
نۆک
ت
پەت
ژ
ڕۆژ
گ
سەگ
وو
ژوور
ج
ساج
س
داس
ل
قەل
لا
کۆلارە
چ
ورچ
ش
دارتاش
ڵ
گوڵ
ڵا
گەڵا
ح
مزراح
ع
باع
م
مۆم
ی
دەرزی
خ
بەرخ
غ
وڵاغ
ن
باران
ێ
٣
سێ



## مۆسیقا و ستران

ئاهەنگە ، ئاهەنگی مۆسیقا و ستران ،

ئاهەنگی خۆشی دەستەی منداڵان .

وا دەست دەکەین بە ئاوازی نیشتمان ،

ئاوازی شیرینی کوردستانی جوان .

منداڵان ، ئێوەش چەپڵە لێدەن لەگەڵمان ،

بەدەنگێکی خۆش بیسەننەوە بۆمان .



## یاری

بە یاری لەشمان ساغ و بەهێز دەبێ ،
خوێنمان پاک تر و ، دڵمان خۆش دەبێ .

کێ دەزانێ یاریی چاوشارکێ
یاریی ڕاکردن و خلیسکانێ ،
یاریی بازدان و تۆپانێ ؟
دەی منداڵان ، با ئەم یاری یانە بکەین ،
بێ ئەوەی تێکیان بدەین و کەس ئازار بدەین .



## کاری ناوماڵ

منداڵان حەز لە ئیش و کار دەکەن ،
لە ماڵەوە یاریدەی دایکیان دەدەن .
وا هەموو ئیش و کاری ناوماڵ دەکەن ،
نەسرین چا لێ دەنێ و پێ دەکەنێ ،
نێرگز پیاڵە دەشواو ستران دەبێژێ ،
دایکیان ماندووە ، چای دەدەنێ .



## کۆلارە

- دایە گیان ، ئەوە دارایە ، غار دەدا ،
بنوارە ، وا کۆلارە هەڵ دەدا .
خۆزگە منیش کۆلارەم هەبووایە ،
لەگەڵ دارا غارم بدایە .
گیانەکەم ، یاریی وەها زۆرە
کە لە کۆلارە هەڵدان خۆشترە .



## ترێ

مێوەکانی ماڵی ئازاد سێ جۆرن ،

هەموویان جۆری باش باشن ،

هاوینان گەلێک ترێ دەگرن ،

کە پێ گەیشتن هەموو لێ ی دەخۆن ،

بەشی خزم و دراوسێش دەدەن ،

ئەوەی مایەوە دەیکەن بە مێوژ و باسوق ،

بە سرکە و ، دۆشاو و ، سنجووق .



## پشیلەکەم

پشە خرپنەی چاوکاڵ ،
خۆشەویستەکەی ناوماڵ ،
ئەندام توکنی خاڵ خاڵ ،
سمێڵ درێژی لووت ئاڵ .
بەخێر هاتی ، سەرچاومان ،
جێگات چۆڵ بوو لەناومان ،
تۆ لەکوێ بووی ، پشەی جوان ؟
بۆچی خۆت وون کرد لێمان ؟



– باڵدار –





## دەنگی مۆسیقا


گوێ ڕاگرن لەم مۆسیقا خۆشە ،
چەند شیرینە و ، پڕ جۆشە .
ئێمە بە مۆسیقا دڵشاد دەبین ،
بە چەپڵەوە لەگەڵیدا ستران دەبێژین.
کیژان و کوڕان هەموو دەست بگرن ،
لەگەڵ ئەم مۆسیقایە هەڵپەڕن .
سوپاست دەکەین مامۆستا گیان ،
بۆ ئەم مۆسیقا خۆشەی هانیوتە بۆمان .



## ساڵ تەواو بوو

وا تەواو بوو ئەم ساڵمان ،
ساڵێکی خۆش بوو بۆ هەموومان .
پێکەوە دەهاتین و ، دەچووین ،
گەلێک شتی بەکەڵک فێر بووین ،
زۆر جێگامان دی و دڵخۆش بووین ،
تێر یاریمان کرد و پێکەنین ،
گەلێک سەمامان کرد و هەڵپەڕین .

گەلێک نیگاری جوانمان نەخشان ،
گەلێک دارمان چاند و ئاومان دان .
سوپاست دەکەین مامۆستا گیان ،
خوا ئاگادارت بێت خۆشەویستمان ،
هەر بیرت دەکەین گەورەمان ،
خواتان لەگەڵ ، هەڤاڵان .



لقمان احمد خضر
Luqman4it@gmail.com
www.facebook.com/Luqman4it